NHS

KURDISH

# Every Vaccination Matters

If you are one of the millions of people who have already had your vaccine, **thank you** for helping to keep us all safe and contributing to the low death and hospitalisation rates relating to COVID-19.

Everyone in Kirklees has a part to play in keeping themselves and their communities safe. That's why we're urging people to get tested, stick to the guidance and – above all – to get vaccinated. It's free, easy to do and you'll protect yourself and your community.

As of October 2021, the vaccination programme in Kirklees has vaccinated over 299,000 people.

We also know that some people have concerns about the COVID-19 vaccines, and we have tried to address some of those concerns and myths in this leaflet.

ئەگەر تۆ یەکێکیت لەو ملیۆنان کەسەی کە ڤاکسینت وەرگرتووە، سوپاست دەکەین کە یارمەتیدەریت لە پاراستنی سەلامەتی هەموومان و هاوکاریت لە کەمبوونەوەی ڕێژەی مردن و داخلکردن لە نەخۆشخانە بەهۆی کۆڤید-١٩ەوە.

هەموو کەسێك لە ناوچەی کێکلێس ئەرکی پاراستنی سەلامەتی خۆی و کۆمەڵگەکەی لەسەر شانە. بۆیە خەڵکی هاندەدەین کە پشکنین بکەن و پابەندی ڕێنماییەکان بن و - لە هەمووی گرنگتر - ڤاکسین وەربگرن. ڤاکسینەکە بێبەرامبەرە و بە ئاسانی ئەنجام دەدرێت و خۆت و کۆمەڵگەکەت دەپارێزێت.

لە ئۆکتۆبەری ٢٠٢١ ەوە بەرنامەی ڤاکسین لە کێکلێس زیاتر لە ٢٩٩،٠٠٠ کەسی کوتاوە.

هەروەها دەزانین هەندێك کەس نیگەرانیان هەیە دەربارەی ڤاکسینی کۆڤید-١٩، هەوڵمانداوە هەندێك لەو نیگەرانی و خورافیاتانە لەم نامیلکەیەدا بخەینەڕوو.

Coronavirus COVID-19

www.kirklees.gov.uk/covid19vaccinations

Kirklees COUNCIL

## The vaccines do not contain any animal or foetal products

There are no foetal cells or animal products whatsoever in the AstraZeneca or Pfizer vaccines. These have been approved as halal by Muslim leaders and leaders of the Hindu and Jewish faiths have also endorsed the vaccines.



## ڤاكسینەكان هیچ بەرهەمێكی ئاژەڵی یان كۆرپەییان تێدا نییە.

بەهیچ جۆرێك خانەی كۆرپەیی یان بەرهەمی ئاژەڵیی لە ڤاكسینی ئەسترەزێنیكا و فایزەردا نییە. ئەم ڤاكسینانە وەك بەرهەمی حەڵاڵ لەلایەن پێشەوا موسوڵمانەكانەوە پەسەندكراون، هەروەها پێشەوا هیندۆس و جولەكەكانیش ڤاكسینەكان پەسەنددەكەن.

## The vaccine was developed safely

Millions of people in the UK have had a Covid-19 vaccine and reports of any serious side effects, such as allergic reactions, have been very rare.

The vaccines have been thoroughly tested to make sure they are safe and effective. They have been approved by the Medicine and Health Regulatory Authority (MHRA), an independent body that follows international standards of safety, and they have gone through the same clinical trials and safety checks as all other licensed medicines.




## ڤاکسینەکە بە سەلامەتی بەرهەم هاتووە

ملیۆنان کەس لە بەریتانیا ڤاکسینی کۆڕۆنایان وەرگرتووە و زۆر بەدەگمەن باسیان لە کاریگەری لاوەکی جددی، وەك توشبوون بە هەستیاری، کردووە.

ڤاکسینەکان بە وردی تاقیکراونەتەوە بۆئەوەی دڵنیابن لە سەلامەتی و کاریگەرییان. هەروەها لەلایەن دەسەڵاتی ڕێکخستنی تەندروستی و دەرمانەوە (MHRA)، کە دەزگایەکی سەربەخۆیە و بە ستاندارده جیهانییەکانی سەلامەتی کاردەکات، پەسەندکراون. ڤاکسینەکان بە هەموو تاقیکردنەوەیەکی شیکاری و پشکنینێکی سەلامەتیدا ڕۆیشتوون هاوشێوەی هەر دەرمانێکی دیکەی مۆڵەتدراو.

# The vaccine has no impact on fertility

Medical experts and scientists agree that it is not possible for the vaccines to affect fertility.

Here's why:

- There is no scientific process by which the vaccines could affect men's or women's fertility.
- Like all vaccines, the covid-19 vaccines teaches your body to fight the disease and to develop antibodies to do this. They do not have any ingredients that would affect fertility and the components leave the body within a few days.
- It is standard practice to only recommend new medicines to pregnant women or those who are looking to get pregnant once enough data is available. Now that more data is available, the independent body responsible for assessing the safety of vaccines (the Joint Committee for Vaccinations & Immunisations), has updated its advice and says there is no need for women to delay pregnancy after having either vaccine.

## What the experts say about the vaccines and fertility:

Kate Heighway – Lead Midwife at Calderdale & Huddersfield NHS Trust:

> *"There is no evidence of either vaccine having any impact on fertility, or any reason to suggest they could. I would encourage everyone who is offered the vaccine to take up that offer. It's safe and gives you the best protection against the virus."*

The British Fertility Society and Association of Reproductive and Clinical Scientists:

> *"There is absolutely no evidence, and no theoretical reason, that any of the vaccines can affect the fertility of women or men."*



# ڤاکسینەکە هیچ کاریگەریەکی لەسەر منداڵبوون نییە

پسپۆڕانی پزیشکی و زانایان هاوڕان کە ڤاکسینەکان کاریگەریان لەسەر منداڵبوون نییە.

هۆکارەکانی ئەمانەن:

- هیچ پرۆسەیەکی زانستی نییە کە لەڕێگەیەوە ڤاکسینەکان کاریگەریان لەسەر توانای زاوزێی پیاو یان ژن هەبێت.
- وەك هەر ڤاکسینێکی تر، ڤاکسینی کۆرۆنا جەستەت فێردەکات کە دژی ڤایرۆسەکە بجەنگێت و دژەتەن دروست دەکات کە بجەنگن. هیچ پێکهاتەیەکیان تێدا نییە کە کاریگەری لەسەر توانای زاوزێ هەبێت، ئەو پێکهاتانەشی تێیدایە لە ماوەی چەند ڕۆژێکی کەمدا جەستە جێدێڵن.
- وەك کارێکی ستاندارد، تەنها کاتێك زانیاری تەواو بەردەست بێت پێشنیاردەکرێت کە ژنی سکپڕ یان ئەوانەی نیازی سکپڕیان هەیە دەرمانی تازە بەکاربهێنن. ئێستا کە زانیاری زۆر بەردەستە، دەزگای سەربەخۆی بەرپرس لە هەڵسەنگاندنی سەلامەتی ڤاکسینەکان (کۆمیتەی هاوبەشی ڤاکسین و پێکوتە) ئامۆژگاری تازەی خستووەتەڕوو و دەڵێ پێویست ناکات کە ژنان سکپڕی دوابخەن دوای وەرگرتنی هیچ کام لە ڤاکسینەکان.

## ئەوەی پسپۆڕان دەیڵێن دەرباری ڤاکسین و سکپڕی:

کەیت هایوەی ـ مامانی باڵا لە فەرمانگەی تەندروستی (NHS) ی کاڵدەدەیڵ و هودەرسفیڵد:

> "هیچ بەڵگەیەك نییە کە هیچ کام لە ڤاکسینەکان کاریگەری بکەنە سەر سکپڕیی، هەروەها هیچ هۆکارێك نییە کە کاریگەری دروست بکەن. هەمووان هان دەدەم ئەگەر ڤاکسینتان پێشکەشکرا، وەریبگرن. سەلامەتە و باشترین پارێزگاریت لێ دەکات دژی ڤایرۆسەکە."

کۆمەڵەی سکپڕی بەریتانی و کۆمەڵەی وەچەخستنەوە و زانایانی کلینیکی:

> "بێگومان هیچ بەڵگە و هۆکارێکی تیۆریی نییە کە هیچ کام لە ڤاکسینەکان کاریگەری بکاتە سەر توانای وەچەخستنەوەی ژنان یان پیاوان."



## You still need to get vaccinated if you have already had COVID

We do not know how long protection remains after COVID infection, therefore having the vaccine is very strongly advised. People infected with COVID are likely to be protected for some months, but further research is required. These individuals could still transmit the virus to others. The current advice is to wait 4 weeks after having COVID before having the vaccine.

## ئەگەر کۆڕۆناشت گرتبێت هێشتا پێویستە ڤاکسین وەربگریت

دوای توشبوون بە نەخۆشی کۆڕۆنا نازانین تا ماوەی چەند پارێزگاری لەلەشدا دەمێنێتەوە، بۆیە وەرگرتنی ڤاکسین زۆر گرنگە. ئەو کەسانەی توشی نەخۆشی کۆڕۆنا بوون ئەگەری هەیە بۆ ماوەی چەند مانگێك پارێزراوبن، بەڵام توێژینەوەی زیاتر پێویستە. هێشتا دەکرێ ئەو کەسانە ڤایرۆسەکە بۆ کەسانی تر بگوازنەوە. لە ئێستادا ئامۆژگاری ئەوەیە کە ٤ هەفتە دوای توشبوون بە نەخۆشی کۆڕۆنا چاوەڕوان بیت پێشئەوەی ڤاکسین وەربگریت.



## Make sure you get your second jab

The 1st dose should give you some protection from 3 or 4 weeks after you’ve had it. But you need 2 doses for stronger and longer-lasting protection.

There is a chance you might still get or spread COVID-19 even if you have a vaccine, so it’s important to continue to follow all social distancing guidance.

## دڵنیابە کە ژەمە ڤاکسینی دووەم وەردەگریت

ژەمە ڤاکسینی یەکەم ماوەی ٣ بۆ ٤ هەفتە لە وەرگرتنی ڤاکسینەکەوە دەتپارێزێت. بەڵام پێویستت بە دوو ژەمە ڤاکسین هەیە بۆئەوەی باشتر و بۆ ماوەیەکی زیاتر بتپارێزێت.

هێشتا ئەگەری هەیە کە توشی کۆڕۆنا ببیت یان ڤایرۆسەکە بگوازیتەوە تەنانەت ئەگەر ڤاکسینیش وەربگریت، بۆیە گرنگە پابەندی ڕێنماییەکانی دوورەپەرێزی کۆمەڵایەتی بیت.



# Every Vaccination Matters

**Have you had yours?**

**For more on the Kirklees Vaccination Programme and to book your vaccine visit: www.kirklees.gov.uk/covid19vaccinations or ring freephone number 119 between 7am and 11pm seven days a week.**

If you want to know more about the COVID-19 vaccines, visit the Government website at: **http://bit.ly/govvaccineinfo**

**بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر بەرنامەی ڤاکسینی کێکلێس و بۆ وەرگرتنی مەوعیدی ڤاکسین سەردانی ئەم وێبسایتە بکە:**

**www.kirklees.gov.uk/covid19vaccinations**

**یان بێبەرامبەر پەیوەندی بکە بە ژمارە تەلەفۆنی ١١٩ لە نێوان کاتژمێر٧ی بەیانی بۆ ١١ی شەو لە حەوت ڕۆژی هەفتەدا.**

ئەگەر دەتەوێت زانیاریی زیاتر لەسەر کۆڤید-١٩ بزانیت، سەردانی وێبسایتی حکومەت بکە:

**http://bit.ly/govvaccineinfo**

FRESH AIR

Coronavirus

COVID-19

Kirklees COUNCIL

**www.kirklees.gov.uk/covid19vaccinations**